

## پەردەی کچێنی

لەووڵاتی ئێمە کاتێك کوڕێك بیەوێت هاوسەرێك دەستنیشان بکات گرنگ نییە بەلایەوە ئەو کەسە رادەی تێگەیشتنی چەندە و چەنێك سۆزو خۆشەویستی ئەبێت بەرامبەر بەخۆی وخێزانەکەی تاچەنێك ئەتوانێ کارامانە رۆڵی دایکایەتی ببینێ لەپێگەیاندنی منداڵەکانیدا، گرنگترین شت بەلای ئەو کوڕەوە ئەوەیەکەهاوسەرەکەی"کچ"بێ، واتاپەردەی کچێنی هەبێ.
"

پەردەی کچێنی بریتیە لە پەردەیەکی تەنك کەدەمی لەشییان ئەندامی"المەبل"ی بەتەواوەتی نەگرتووە، ئەم پەردەیەش بەکۆبونەوە لەگەڵ نێرینەدا یان بەشووکردن نامێنێ، ئەم پەردەیە کاریگەری تەواوەتی هەیە لەسەر سایکۆلۆجی ئافرەت هەتا هەتایە لەژیانی ژن ومێردایەتیدا جیاوازی هەیە، پەردەی کچێنی لەشێوەو قەبارە لەکیژێکەوە بۆکیژێکیتر، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر شێوەی مانگی چوارده"هیلالی"هەیە"، هەندێ شێوەیتریش هەیە بەدرێژی باسی لێوەدەکەین."
ئەم پەردەیە لەیەکەم جووتبوندا دەدڕێت بەم شێوەیە دەبێت بەدوو بەش بەلای راست بەلای چەپدا لەم کاتەشدا هەندێ خوێنی لێدێت ئافرەتەکە.

جیاوازی هەیە ئازاری ئافرەت لەم کارەشدا لەکچێکەوە بۆ کچێکیتر، بەڵام زۆربەی ئازاری هەیە یانزۆرکەم، ئەمەش دەکەوێتە سەر تەنکی و ئەستوری پەردەکە، ئەم ئەستوربوونەش زیاد دەکات تا ئافرەت تەمەنی چووە سەرو سی ساڵ هەر بەکچێتی مابووەوە ئەوە پەردەکە زۆر ئەستور ئەبێت زۆر بەناڕەحەت ئەبێت کونبونی پەردەی ئافرەت وەك سەرژمێری کراوە بەئاسانی دەدڕێت لە 75% ئافرەت.
جۆرێکیتری هەیە کەپەردەکە پێی دەوترێت پەردەپلاستیکی"متاتی"کەقەدنادرێت هەتا هەتایە یەکتنۆك خوێنیلێنایەت شەویبووکێنی و شەوەکانیتریش لە 15% ئافرەت ئەم جۆرەیان هەیە.
شێوەیەکیترکەزۆر ئەستورە کەقەد تواناى کونبونیان نیە لە 15% ئافرەت ئەمجۆرەن دەبێت پزیشك بیدڕێنێ بەشێوەیەك لەشێوەکانی نەشتەرگەری،بەڵام شێوەکانیتری پەردەی ئافرەت ئەمانەن:
-1پەردەی مانگی چوارده"هلالی."
-2پەردەی خڕ"دائری"یان بازنەیی.
-3پەردەی هێڵەکی.
ئەم شێوانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەپەردە لە کچێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازی هەیە لە شێوەدا.
زۆرگرنگە ئەوە بزانین کەپەردە هەیە زۆر زۆر تەنکە ئەدرێت تەنهادەستەسری پێدەبهێنرێت لەکاتی خوێنهاتنی مانگانەدا بێ ئەوەی پێیبزانێت، چونکە خوێنەکەی تێکەڵ بەخوێنی مانگانە دەبێت.
گرنگترلەوانە مووی ئەبێ ئەمەش بزانین کە کچ هەیە لەدایکدەبن بێپەردەنماناى هیچ جۆرە پەردەیەکیان نیە لەکاتی کونبونیدا خوێنیلەقەترەیەکەوە بۆ چەند قەترەیەك لێدێت یان هەندێجار خوێنی زۆریلێدێت ناگیرسێتەوە ئەمەش دەکەوێتە سەرتەنك‌و ئەستوری پەردەکەدوای دراندنی پەردە باش وایە 3 رۆژ کاری سێکسی رابگیرێت تاکو برینەکەسارێژ دەبێت.
هەندێ پرسیار لەسەر پەردە هەیە کە ئایا سکپڕ دەبێت پەردەی ئافرەت نەدڕابێت، بەڵێ سکپڕدەبێت لەبەر ئەوەی هەندێك واتێدەگەن کە ئەگەر کاری سێکسی لەدەرەوەی ئەندامی سێکس بکرێت سکپڕ نابێت ئەمە هەڵەیە، چونکە "تۆو"ی نێرینە تواناى چوونە خوارەوەیان هەیە بۆ ناوەوەی لەشی ئافرەت‌و سکپڕ دەبێت.